# خۆپیشاندانی خەڵکی کەلار ڕووداو نیە
# قوڵپی ناڕەزایەتییەکی گشتی وبەرهەقە!

**((بەرپەرچدانەوەی کەمپەینی چەواشەکارانەی یەکێتی لەدژی ناڕەزایەتی خەڵك))**

**محـــــەمەد غەفـــور**

بەیاننامەی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی کەلەسەر لاپەڕەی یەکەمی کوردستانی نوێی 2005-09-08دا بڵاوبۆتەوە وئەمە ناونیشانەکەیەتی (ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ڕووداوەکەی کەلار). ڕستەی یەکەمی ئاوا دەسپێدەکات: "سەرلەبەیانی رۆژی7-9-2005ژمارەیەك لەخەڵکی کەلار بەبێ مۆڵەتی یاسایی وبەبێ ئەوەی پێشتر داوای مۆڵەت بکەن ڕێپێوانێکیان...". ئەمە یەکەمین کاردانەوەی وەزارەتی ناوخۆیە دەربارەی خۆپیشاندانەکە. پاشان هەر لەوبەیانەدا هاتووە کەئەرسەلان باییز ووەزیری ناوخۆ هەمان رۆژ چوونەتە کەلار بۆ بەدواداچوونی ئەو ناڕەزایەتییانە. واتا ئەم مرواری بارانەی وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بەشاری کەلار کەلەم کەمپەینەیاندا ئەیانەوێ بیکەن بەیەخەی ناڕەزایەتی خەڵکی کەلاردا، لەزاری ئەم دووگەورە بەرپرسەوە هەڵوەریون! ناوەرۆکی بەیانەکەش جگەلە هەڕەشە وگوڕەشە کردن لەخەڵکی کەلار لەژێرناوی ئاژاوە وتاڵانچێتی وپڕوپووچی تردا هیچی تر نییە. هەمان ژمارەی کوردستانی نوێ لەسەر لاپەڕەی دووەمی بەقەڵەمی سەرنووسەرەکەی لەژێر ئەم سەردێڕەدا(لەپەراوێزی ڕووداوەکەی کەلاردا، گێرەشێوێنەکان مافی خۆپیشاندانی خەڵکیان پێ زەوت ناکرێت) نووسیویەتی:"ئەوەی دوێنێ چەند ئاژاوەگێڕێکی ناحاڵی لەپرۆسەی دیموکراسی ومافی ڕادەربڕین لەمیانی خۆپیشاندانەکەی کەلاردا...". لەسەر لاپەڕەی سێهەمیشی ڕاپۆرتێك وبەیاننامەیەکی یەکێتی وحیزبە مەعاشخۆر وئەڵقەلەگوێکانی ژێرچنگی یەکێتی تیا بڵاوکراوەتەوە لەژێر ئەم سەردێڕانەدا: "خۆپیشاندانێك لەکەلار ئاژاوەگێڕی لێکەوتەوە". "هەندێك خەڵکی دەرەوە، خۆپیشاندانەکەیان ناشیرین کرد"! جەمال عەبدوڵاش لەکوردستانی نوێی ڕۆژی دواتردا لەگۆشەی(گەرماوگەرم)دا دەنووسێت:"ئەوەی پێرێ لەکەلار ڕووی دا، ئەوەندەی پەیوەندی بەداواکاری خەڵکەوە هەیە....بەڵام کاری فیتنە وئاژاوەگێری وشەغەب مافی هیچ کەس ولایەنیك نییە. ئەگەر خۆپیشاندان ماف بێت، ئەوا شەغەب جەریمەیە...". ئازاد جندیانیش لەکوردستانی نوێی 2005-9-18دا بەم ناونیشانە(چەند قسەیەکی هێمنانە لەسەر ڕووداوەکانی کەلار)دا دەنووسێت:"بێئەوەی قسە لەسەر دەستێوەردانی ئەم وئەو بکەم...(لەجێگایەکی دیکە دەنووسێت)... بۆیە ئەگەر بڕیاربێت بەدوور لەئامانج وئەنگیزەی سیاسییەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان بگەڕێین...". د.ئاوات محمد ئەمینیش لەژێر ئەم سەردێڕەدا (خوێندنەوەیەك بۆ ڕووداوەکانی کەلار)، پاش هێنانەوەی ڕاوڕێویەکی زۆر وزەبەند بۆ پاساودانی گووللەبارانکردنی دەنگی ناڕەزایەتی بەرهەقی خەلکی کەلار، دەنووسێت:" پێویستە لەسەر دەسەڵات چەند لیژنەیەك دروست بکات بۆ، 1) بەدواداچوونی داواکانی هاووڵاتیان وجێبەجێکردنیان. 2-بۆ گەڕان بەشوێن ئەو کەسە گێرەشێوێنانەدا کەئامانجی ڕێپێوانی هێمنانەیان بەرەو ئەو ئاکارە برد...". (هیڵەکان هی منن).

سەردانی ئەرسەلان باییز وعوسمانی حاجی مەحمود هەمان ڕۆژی 7-9-2005بۆ متابەعەی خۆپیشاندانەکە، لەپێناوی داڕشتنی پیلانێکدا بوو بۆ دوو مەبەست: یەکەم، بۆ ئەوەی لەدەروازەی کەلارەوە خۆیان ئامادەبکەن بۆ مواجەهەی تەوژمی ناڕەزایەتی پۆنگخواردووی جەماوەری ملیۆنیی خەڵکی کوردستان کەهەرجارەی لەشوێنێکەوە بەڕوویاندا دەتەقێتەوە. دووەم، بەمەبەستی کپکردنەوەی هاتنەمەیدانی خەڵکی بەتەنگهاتووی کەلار، لەڕێگای خولقاندنی فەزاری ڕوعب وتۆقاندنەوە. ئەو سەردانە ئەم پەیامەی دا بەجەماوەری کوردستان. هەموو ئەو ووشانەی هێڵم بەژێردا هێناون، ڕاستەخۆ وبێپەردە ڕووی لەخەڵکی کەلار وخۆپیشاندەرانە. ئەوی تری تەنها ڕووپۆشە. دوای خەڵاتکردنی خەڵکی ئەنفالکراوی گەرمیان بەم ملوانکە مروارییانەی وەزارەتی ناوخۆ، دەزگا وکەناڵە جۆراوجۆرەکانی یەکیتی بەبەشداری قەڵەمشکاوەکانی چەشنی جەمال عەبدوڵا کەوتنەگەل وکەمپەینێکی چەواشەکارانەیان دەستدایە. بەشێوازێکی نموونەیی هەم گوڵبارنی کەلار وسنگی ئەنفالیانکرد، هەم

بەعەتری کوردایەتی ونەسیمی دیموکراسی وەڵامی خواستی هەرەسەرەتایی جەماوەری خۆپیشاندەریان دایەوە! تەقەکردن لەخۆپیشاندانی خەڵکیان بەشارستانەییت وداوای خەڵکیان بۆ ئاو وکارەبا وسووتەمەنی بەتێکدان وئاژاوەگێڕی دایەقەڵەم! ئەمە تاوانێکی دیکەیە لەپاڵ گووللەبارانکردنی خۆپیشاندانەکاندا. خەڵك لێتان خۆشنابێت.

خۆپیشاندانەکانی پێشتری شاری ڕانیە وئەم دواییانەی شاری کەلار وجموجووڵ وخۆئامادەکردنەکان لەشاری سلێمانی ودەوروبەری، بۆ وەستانەوە بەدژی ئەم بارودۆخە وبەمەبەستی سنووردانان بۆفەسادی وگەندەڵیی، ئەو حەقیقەتە تاڵەیە کەسەرانی یەکێتی نیشتمانی بۆیان بەلعوم ناکرێت، وبۆنی هەڵسان وڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی لێدەکەن. بۆیە بەبەرپاکردنی کەمپەینێکی چڕوپڕ بۆ سازکردنی فەزایەکی ئیستیبدادی وتۆقاندن لەژێرناوی ئاژاوەگێڕی وتێکدان ودەستتێوەردان وگووماناویکردنی نارەزایەتی ڕەوای جەماوەردا، گەرەکیانە ئەم شەپۆل وتەوژمە ڕابگرن، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کەسەرگەرمی سازکردنی سیناریۆیەکی پووچی دیکەن بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستووره فاشییە ئیسلامییەکەیان، وتابەر بەگەورەبوونەوەی زیاتری بگرن!

بەلام تۆ بڵێی جەماوەرێك کەئیستیبداد وفاشییەتی ڕژێمی بەعسی ڕاماڵی دوای خۆڕاگرتنی بۆ ماوەی 35ساڵ، پاش تەجروبەکردنی شەق ودەسەلاتی خۆیی وکوردی لە15ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت کەجامی سەبریان لێوالێوبووە، ئەم کەمپەینەی یەکێتی ئارامیان بکاتەوە!؟ وەلامی ئەم پرسیارە بەندە بەهاتنەمەیدان وڕاپەڕینی خەڵکەوە لەئاستی سەراسەریدا، وبەندە بەڕێکخراوبوونیانەوە لەدەوری بەدیل وپەرچەمێکی ئازادیخوازانە ویەکسانیخوازانە. لە15ساڵی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان لەژێر دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیونال-عەشیرەیی وتالان وبڕۆیەکدا کەگەندەڵیی ئیدارە ودەسەلاتەکانیانی بەوپەڕی خۆی گەیاندووە، کارد بەئێسقانیان گەیشتووە. بەکردەوە بۆیاندەرکەوتووە، ئەم حیزبانە ودەسەلاتیان سەرچاوەی سەرەکی ئەم بارودۆخە ناهەمووارەن. دانەدانەی ئەم خەڵکە پەیان بەوەبردووە کەئەم فیرعەونانە تەنها بەهاتنەمەیدانی گشتی وجەماوەری ناچاردەبن وەلام بەداخوازییەکانیان بدەنەوە. بۆیە خەڵکی کەلار بەپشتیوانی جەماوەری ناڕازی کوردستان، دەبێت ئەم کەمپەینە پووچەڵکەنەوە وخوازیاری دادگاییکردنی تەقەکەران لەخۆپیشاندەران بن، وبەردەوامبن لەشوێنگرتنی داخوازی ئاو وکارەبا وسووتەمەنی وخزمەتگوزارییەکانی تریش. نابێ ڕێگابدەن ئەم بەتەبلیغاتە چەواشەکارانەیەی یەکێتی بچێتەسەر بۆیان. نابێت بهێڵن خۆپیشاندانی ڕەواتان بۆ ئاو وکارەباو سووتەمەنی وسنووردانان بۆ گەندەڵیی، لەژێرناوی "ڕووداو"دا بەئاژاوە وبوونی دەستی ئەم وئەو سەرکوت بکرێت. یەکگرتوو ڕێکخراو لەسەر خواستەکانتان سوور وبەردەوام بن. خەڵکی سەراسەری کوردستانتان لەگەڵدایە جگە لەم حیزبانە ودەست وپێوەندەکانیان. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش وەکو هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی خەباتدایە.

2005-9-22